# حوکمی قەرەقوشی دەسەڵاتی کوردی

حامد ئەیوب.12.05. 23

لە دوایی دوانزە ڕۆژ لە بێ سەرەوشوێنکردنی دکتۆر کەمال سەید قادردا،پارتی دیموکراتی کوردستان لە ژێر فشارێکی زۆردا دانی بەوەدانا کە بەڵێ ناوبراو لەلایەن ئێمەوە دەسگیرکراوە..وە سەرئەنجام پاش دوو مانگ لە دادگایەکی حیزبی ڕووت و بێ یاساو کاریکاتێرو مەسخەرە ئامێزدا حوکمی 30 دانە ساڵی ڕەبەقیان بەسەردا!!!!

چواردە دانە ساڵە هەردوو زل هێزە دەسەڵاتدارەکەی کوردستان خەریک بوو پەردەی گوێمان بتەقێنن ئەوەندە هاوارو نەڕە نەڕی دیموکراتیەت و مافی مرۆڤ و سەروەری یاسایان دەکرد بەڵام لە چرکە ساتەکانی ڕووبەڕووبونەوەیان لەگەڵ ڕەخنەگران و ڕەقیبانی خۆیان نەک هەر ئەو دروشم و بانگەشانەیان بیر دەچۆیەوە کە دێر زەمانێکە دەهۆڵی بۆ دەکوتن ،بەڵکو ئەو چەمکانەی سەرەوەیان وا دا دەتەکاند لە ناوەڕۆکی خۆیی و بەجۆرێک ئەتکیان دەکرد کە هەر لە توانایی ئەواندا بووا!!!! دەسەڵاتی سیاسی

ئێستای کوردستان لە ماوەیی تەمەنی خۆیدا نەک هەر نەیویستوە دروستکەریی مرۆڤی تەندروست بێت بەڵکو تاکی کۆمەڵگای کوردی لە سەر زەلیلی ڕاهێناوە ،چۆکی پێداداوە ،کەمەری پێشکاندوە ،باری دەرونی خراپتر کردوە...ئەم دەسەڵاتە نەک هەر کەش و هەوایەکی تەندروستی بەرهەم نەهێنا بەڵکو پانتایەکانی ئازادی بەرتەسک کردەوە ،جوانیەکانی ژیانی بریندار کرد ،هەستەناسکەکانی ڕوشاند...ئەم دەسەڵاتدارە نەک هەر سنورێکی بۆ تاوانباران دا نەنا بگرە قوربانیانیشی کردە کۆیلەی دەستی خۆیی ،ئەم دەسەڵاتە نەک هەر قەوارە یەکی بۆ نەتەوەی کورد چێ نەکرد بەڵکو خۆی بوە هۆکاری زیندە بەچاڵ کردنی هەر خەونێکی ئەرخەوانی لەو جۆرە....

من دەرکی تەواوم بەوە هەیە کە دەسەڵات لە کۆمەڵگادا هەر تەنها لە دەسەڵاتی سیاسیدا بەرجەستەنابێتەوە ،بەڵکو لە تەواوی ئۆرگان و پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکان بەشێوازی جۆراوجۆر خۆیی دەنوێنێ و پیادە دەکرێت..بەڵام ئێمە لەم ساتە وەختەدا باس لە جۆرێکی دیارو سەر زیندوی دەسەڵات دەکەین ،کەئەویش دەسەڵاتی سیاسی مەترسیداری کوردی یە. بۆیە دەڵێم مەترسیدار چونکە قودسیەتی مرۆڤ و تاک دەسڕێتەوەو قودسیەتی حزب و سەرکردە جێ دەخات ،بۆیە دەڵێم مەترسیدار چونکە ئەم دەسەڵاتە لە سەر سەروەریەکانی ڕابردوی دەژی و خۆی بەخاوەن هەموو ماف و بەهایەک دەزانێت ،بۆیە مەترسیدارە لە بەر ئەوەی لە سەر سەرمایەکی ڕەمزی و خەیاڵی ژیان دەکات و خاوەن هیچ پرۆژەیەکی نوێ و مۆدێرن نیە..بەکورتی ڕۆژ ژمێری ڕابردووی کۆمەڵگاکەمان ئەوەمان پێ دەڵێت کە ئەم دەسەڵاتە ناتوانێت یان دروستترە بڵێم نایەوێت مژدەی ئایندەیەکی گەش و دڵخۆشکەرمان پێ ڕابگەیەنێت...

قسە تەنها لەسەر دۆزی دکتۆر کەمال سەید قادر نیە هێندەی باسێکی بنەڕەتیە لەسەر مامڵەکردن و ڕەفتار کردنی ئەم دەسەڵاتەیە لەگەڵ ووردەکاریەکانی ژیان و ڕوداوەکانی ڕۆژدا.. بەڵام کاتێک بابەتێکی وروژێنەرو هەستدار دەبێتە بابەتی ڕۆژ ئەوکات دەبێت هەمووومان سەرنج و تیشکەکانمان بخەینە سەری و هەر لە وێوە دەتوانین ئاشکراترو ڕونتر بەرخوردەکانی دەسەڵات ببینین...

بەم مانایە دۆزی دکتۆر کەمال سەید قادر هەلومەرجێکی پێک هێناوە کە دەکرێت لەڕێی ئەوەوە ئازایانەترو شێلگیرانەترو بەپەرۆشترەوە بەرگری لە ئازادی تاک و بەها مرۆییەکان بکەین....

ڕۆشنە چاوی ڕەقیب و لێپرسینەوەو ڕەخنەگرتن لە ناشرینەکانی دەسەڵات کارێکی هەمیشەیی و بەردەوامە ،بەڵام کاتێک حاڵ دەگاتە ئەوەی مرۆڤێک تەنها لە سەر دوو سێ دانە ووتار 30 ساڵ زیندانی بکرێت ،جا ناوەڕۆکی ووتارەکانی هەرچیەک بێت و بە خراپترین شێوازیش نوسرابێت ،لەم حاڵەتەدا لەبەردەم

هەڕەشەیەکی گەورەوە ترسناکداین هەر بۆیە دەبێت ڕەقتر لە جاران و نا ئاسایتر لە پێشوتر بدوێین و بێزاریەکانی خۆمان دەرببڕن....
دەشێت بۆ شیتەڵکاری ڕایەڵ و پۆیە نهێنی و ئاشکراکانی دەسەڵاتی کوردی پێویستمان بە چەندەها تیئۆرو دەروازەو میکانیزم هەبێت ،بۆ ڕۆچون و دۆزینەوەی تویژەکانی ژێرەوەی تاکوو بزانین سیحرو ئەفسانەیی ئەم دەسەڵاتە لە کویوە سەر چاوەی گرتوەو ،لە چ شوێنیک هەڵدەقوڵی و درێژە بە خۆی دەدات..دەکرێت ئەمە کارو ئەرکێکی ئاکادیمی یاخود مەعریفی بێت و لە درێژ ماوەو لە سەر خۆدا کاری لەسەر بکرێت وبە ئەنجام بگەیەنرێت ..بەڵام کاتێک دۆخێکی ترسناک و تۆقێنەرو مەرگباری لە چەشنی دکتۆر کەمال سەید قادر دێتە پێشەوەو ئێخەی هەموو ئازادیخوازێک دەگرێت و دەمانخاتە بەردەم بەر پرسیارەتێکی گەورەوە ئەو کات ناتوانین بە ڕیتم و نۆرمە ئاساییەکانی تیئۆری ڕەخنە دەسەڵات بدەینە بەر نەشتەری لێوردبونەوەو ڕەخنەلێگرتنێکی ڕووت و موجەرەد ،ئەمە بەمانایی لەدەست دانی ئەقڵانیەتی بیرکردنەوە نیە هێندەی بەمانای ڕاوەستانەوەیەکی سەرسەختانەو پێ قایمانەی مرۆڤایەتیە لە وویستگەیەکی دیاریکراوی مێژوویدا...
لەهەرحاڵدا ئەم دەسەڵاتدارە سیاسیە کوردیەی ئێستا نایەوێت کۆمەڵگایەک بنیات بنرێت کە پرەنسیب و مۆڕاڵی مرۆیی ومۆدێرنی تێدا بەدی بکرێت ،نایەوێت ووتەزاکانی لە چەشنی مافی تاک و سەروەری مرۆڤ و بەها ئازادیەکان ڕێز لێ بگرێت..بەڵکو دەیەوێت دەسەڵاتێکی دڵ ڕەقی باوک سالارانە بەرامبەر بە فەرزەندەکانی خۆیی بسەپێنێ و لە دوڕیانێکی چارەنوس سازدا ڕامانبگرێت!!!!!